ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Aesthetics (Importance and Philosophy) Some Aspects of The New Poets' Poems as Samples

**Zhwan Abdul-Salam Azeez Gardi***
**Salahaddin University \ Shaqlawa College of Education-Department of Kurdish**
**Zhwan.azeez@su.edu.krd**

**Received:** 20 /1 /2023, **Accepted:** 12 /3 /2023, **Online Published: 1 / 4/2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

This study attempts to present the importance and philosophy of the aesthetics devices through the new poets' poems, this is because aesthetics discipline is one of the significant aspects of rhetorics that the poets used in writing their poems. The aesthetics works and interacts with the music all the way up to create beauty and meaning inside and among the words and the lines, and finally to make miscellaneous images in the most beautiful style and possible ways either in the lexical aesthetics and\or in the meaning one. This study comprises of a preface and two sections: the preface provides aesthetics theory. In the first section, those aesthetics devices have been examined that produce music in various ways. In the second section, those aesthetics devices have been investigated that strengthen meaning. After examining these roles and aspects of aesthetics, the main findings and the sources consulted in this study are presented.

**Keywords**: aesthetics, music, meaning, poet and new poems.

* **Corresponding Author**: Zhwan Abdul-Salam, **Email:** Zhwan.azeez@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

*Journal of Language Studies.* **Vol.VI, No. 3 2023, Pages (186-210)**

# بعض الجوانب البديعية (أهميتها وفلسفتها) في الشعر الحديث

ژوان عبدالسلام عزيز گەردی

جامعة صلاح الدين–أربيل / كلية التربية شقلاوة – قسم الكردي

**المستخلص**

تهدف هذه الدراسة الموسومة بـــ (بعض الجوانب البديعية (أهميتها وفلسفتها) في الشعر الحديث) إلى بيان فاعلية علم البديع بفنونه ومحسناته اللفظية والمعنوية في التوليف الموسيقى والتكوين الدلالي في الشـــعر الحديث، من منطلق أدائه لوظيفة تحســـين أوجه الكلام وتزيينه ورفده بأنواع من الإيقاع الموســـيقي فضـــلا عن أثره في إيضـــاح المعنى وتقويته. والدراســـة في مجملها مكونة من تمهيد و مبحثين رئيســـين، يعنى التمهيد بوصـــفه ميهادا ومدخلا تنظيريا – بالحديث عن الفنون البديعية من الناحية النظرية. أما المبحث الأول فقد خصص للحديث عن أثر الفنون البديعية في توليف الموسيقى الشعرية. في حين خصص المبحث الثاني للحديث عن أثر الفنون البديعية في إنتاج المعنى وتقويته. وتختم الدراسة بأهم الاستنتاجات ومسرد بأسماء المصادر والمراجع.

**الكلمات الدالة:** علم البديع، الموسيقى، المعنى، شاعر، الشعر الحديث.

## هەندێ لایەنی جوانکاری (گرنگی و فەلسەفەیان) بەنموونەی شیعری شاعیرانی نوێ

ژوان عبدالسلام عزیز گەردی

زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر / کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە – بەشی کوردی

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا گرنگی و فەلســـەفەی دروســـتبوونی هەنـدێ لە لایەنەکانی جوانکاری لە ڕوانگەی شـــیعری شـــاعیرانی نوێوە خراوەتەڕوو، چونکە زانستی جوانکاری یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ڕەوانبێژی و شاعیران لە هۆنینەوەی شـــیعرەکانیان بەکاریانهێناوە، جوانکاری کار لەســـەر مۆســـیقا دەکات تا ئەو کاتەی جوانی و واتا لەنێو وشـــەو ڕســـتەکان دێتە ئاراوەو وێنەی

هەمەچەشـــن بە جوانترین شـــێوەو شـــێواز دروســـت دەکەن؛ جا چ لەڕووی جوانکاری وشـەییەوە بێت یان لەڕووی جوانکاری واتاییەوە بێت، بەشـێوەیەکی گشـــتی ئەم توێژینەوەیە بەســـەر دەروازەیەک و دووبەشـــی ســـەرەکی دابەشـــکراوە، دەروازەکەی تـایبەت کراوە بە زانســـتی جوانکـاری لەرووی تیۆرییەوە، لەبەشـی یەکەمیان باس لەو هونەرە جوانکارییانە کراوە کە مۆسـیقا بەشـێوازی جۆراوجۆر بەرهەم دێنن، لە بەشــی دووەمیشــدا باس لەو هونەرە جوانکـاریـانە کراوە کە واتـا بەهێز دەکەن، دوای وردبوونەوەی ئەم لایەنـانە؛ گرنگترین ئەنجامەکان لەگەڵ ئەو ســـەرچاوانەی ئەم توێژینەوەیەیان پێکهێناوە خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** زانستی جوانکاری، مۆسیقا، واتا، شاعیر، شیعری نوێ.

## 1- پێشـەکی:

جوانکاری زانستێکە لە زانستەکانی ڕەوانبێژی، جوانی دەربرین دەخاتە پاڵ واتای بەهێز؛ بەمەبەستی گەیاندنی پەیام بۆ وەرگر، شاعیران بە بەکارهێنانی هونەرەکانی زانســتی جوانکاری دەســتڕەنگینیان لەهۆنینەوەی شـیعرەکانیان کردوەو وشـــەو دەربڕینەکـانی خۆیـانیـان پێ ڕازانـدۆتەوە، ئێمە وەک چۆن لەباخچەیەک جوانترین گوڵ لێدەکەینەوە، شاعیرانیش ئاوا لەفەرهەنگی عەقڵ ئەو وشـانەی کە جوانترین و پرشـــەنگدارترینن؛ لەهەمان کاتدا بارکراو بێت بە واتایەکی بەهێز هەڵدەبژێرن.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی زانســـتی جوانکاری و کاریگەری لەســـەر دەروونی وەرگر، شـــاعیرانی کوردیش دەســـتێکی باڵایان لەبەکارهێنانی هونەرکانی جوانکاری هەبووەو هەیە، بەمەبەستی بەخشینی پەیامی جیا لەدەقە شیعرییەکانیاندا بەکارهێناوە، هەر بۆیە بەپێویستمان زانی لەسەر ئەم بابەتە بنووسین.

ئـامـانج لەم توێژینەوەیە خســـتنەڕووی جۆرەکـانی جوانکـارییە هەروەهـا دەرخستنی ڕۆڵیان لەدروستکردنی مۆسیقای دڵگیرو واتای بەهێز لە شیعری شـــاعیراندا لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مەبەســـتەکانیان، بۆیە پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)مان کردووە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشـــەکی و دەروازیەک و دوو بەش پێکهاتووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

لە دەروازەدا: لەژێر ناونیشـانی (سـەرەتایەک بۆ جوانکاری) تیایدا باس لە ( وشـەو پێناسـەی زاراوەی جوانکاری) کراوە، لەگەڵ (خسـتنەڕووی جۆرەکانی جوانکاری).

بەشی یەکەم: ئەم بەشە لەژێر ناونیشانی (ئەو شێوە هونەرانەی مۆسیقا دروسـت دەکەن)دایە، تیایدا باس لە جۆری جوانکاری وشـەیی بەهونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی، هێنانەوە، گێڕانەوە، گەڕانەوە، پاتکردنەوە)کراوە.

بەشی دووەم: ئەم بەشەش لەژێر ناونیشانی (ئەو شێوە هونەرانەی واتا بەهێز دەکەن)دایە، تیایدا باس لە (جۆری جوانکاری واتایی بەهونەرەکانی (دژیەک، بەرامبەری، جێگۆڕین، فرەواتایی، پۆشین)کراوە.

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## 2- دەروازە - سەرەتایەک بۆ جوانکاری:

بۆ تێگەیشتن لە واتای هەر زانستێک، وا پێویست دەکات لە وشەکەیەوە دەست پێبکەین، دەبێتە ڕێگەیەک بۆ ئاشنا بوونمان بە ناوەڕۆکی زانستەکە، بۆ ئەوەی کارو بەرنامەی زانستەکە دەستنیشان بکەین؛ سەرەتا باس لە وشەو پێناسەی زاراوەی جوانکاری دەکەین؛ بەمشێوەیەی خوارەوە:

## 2 . 1 وشەی جوانکاری:

وشەی جوانکاری، بەپێی زمان دەگۆڕێت، بەڵام لەڕووی واتاوە وەک یەک وان، لە زمانی عربی پێی دەڵێن (البدیع) بریتییە لە (داهێنراوی نوێ، یان شتی داهێنراو) (أبن منظور، 2011، ص38) واتە پێشتر نەبوو بێت و ئێستا داهێنرابێت.

لە فەرهەنگی زمانی کوردیشدا (ڕازێنەوە، بوک جوانکەر، دەست ڕەنگین، بە هونەر) (هەژار، 1388، ل185) هاتووە، بە واتای جوانکردن و لێڕهاتوویی و بەهرەمەندی لەکارو کردەوەیەک دەگەیەنێت.

هەرچی (جوانکاری)شە ناوێکی واتاییە کە بریتییە لەو کارە جوانانەی هەر کەسە لەبواری پسپۆری خۆی ئەنجامیان دەدات (عەبدوڵڵا، 2003، ل9) هەر ئەمەشە وایکردووە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لەیەک جیا بکرێنەوە، هەر کەسێک لە بوارێک بەهرەدارەوەو دەسترەنگینی خۆی تیایدا دەنوێنێ و پێی دەناسرێتەوە.

## 2 . 2 پێناسەی زاراوەی جوانکاری:

زانستی جوانکاری چەندین پێناسەی بۆ کراوە، هەر نووسەرێک بەپێی گۆشەنیگای خۆیەوە ناساندوویەتی، لەوانە:

زاناو نووسەری بەناوبانگی عەرەبی (أبو هلال العسکری) دەڵێت: (جوانکاری لەقسەو گوزارشتدا ئەگەر خۆ ماندووکردن و کەمو کوری پێوە دیار نەبوو لەوپەڕی جوانی دایە) (العسکری، 1992، ص26) واتە وشەکان لەشوێنی خۆی بەکاربهێنرێت و هەروەها لەدەربڕیندا ئاسان بێت.

هەروەها (الخطیب القزوینی) لە کتێبی (التلخیص)دا لەبارەی جوانکاری دەڵێت: (زانستێکە بە جوانکردن و باشترکردنی ڕووکاری قسە دەناسرێت، ئەمەش دوای ڕەچاوکردنی هاوتابوونی ڕوونی لە واتادا) (القزوینی، 1904، ص347) واتە ڕووکاری وشەکان جوان بێت لەهەمان کاتدا واتاکانی ڕوون بێت و ئاڵۆز نەبێت.

(د. عزیز گەردی) جوانکاری لە کتێبی (ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی)دا بەوە دەناسێنێت کە (بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕەگەزو دەستورانە دەدوێ کە

لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەکەنەوە) (گەردی، 1975، ل5) ئەم پێناسەیە لەو هونەرکاریانە دەدوێ کە جوانی بەدەقی ئەدەبی دەبەخشن.

مامۆستا (علاءالدین سجادی) لەکتێبی (خۆشخوانی) دەڵێت: (بەهۆی جوانکارییەوە جوانی و ڕێک و پێکی قسە دەردەکەوێت) (سجادی، 1986، ل75) بەپێی ئەو ڕایە هونەرەکانی جوانکارین جوانی و ڕەوانی بەقسە دەبەخشن.

(د. ئیدریس عەبدوڵلا) لە کتێبی (کۆوانەکانی ڕەوانبێژی)دا بەم جۆرە جوانکاری دەناسێنێت و دەڵێت: (ئەو زانستەیە کە ڕووە جوانەکانی دەربڕینی پێدەناسرێتەوە) (عەبدوڵلا، 2013، ل14) واتە ئەو زانستە یارمەتیدەرە بۆ ناساندنی دەربڕینە جوانەکان و جیاکردنەویان لەگەڵ دەربڕینی تر.

سەرجەم پێنا سەکان یەک دەگرنەوە بەوەی جوانکاری بەخشەری جوانییە بەواتای بەهێزو ڕوون؛ ئەمەش فەلسەفەکەیەتی، ئەگەر جوانکاری نەبووایە لە هۆنینەوەی شیعرو بەرهەمەکانی تری ئەدەبی، ئەوا بێگومان ئەو چێژ بەخشینەی نەدەبوو وا لەخوێنەر بکات بۆ خوێندنەوە سەرنجی ڕابکێشێ و ناچار بەخوێندنەوەی بکات.

**2 . 3 جۆرەکانی جوانکاری:**

دوای پێناسەکردنی ئەم زانستە (جوانکاری)، لەلایەک بەخشینی جوانییە، لەلایەکی تریش بەخشینی واتای بەرزو سادە لەدەربڕین، وایکردووە بکرێن بەدوو جۆر؛ لەوانە:

١) جوانکاری وشەیی. ٢) جوانکاری واتایی.

**1. ئەو هونەرانەی مۆسیقا دروست دەکەن:**

ئەو هونەرانەی کەوا مۆسیقای دڵگیرو نەخشین بە دەقی شیعری دەبەخشن، ئەوا هونەرەکانی جۆری (جوانکاری وشەیی)ن ڕۆڵی گرنگیان لە جوانکردنی دێرە شیعرەکاندا هەیە ، لەم بەشەدا باسیان لێوە دەکەین.

**1 . 1 جوانکاری وشەیی:**

جۆرێکە لەجۆرە سەرەکییەکانی جوانکاری (مەبەست لێی جوانکردنی دەربڕینە، با هەندێک جار واتاش بەدوای ئەوەوە جوان بکرێت، نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینی دووەم بۆ هاوواتاکەی گۆڕا، جوانییەکەی نامینێت) (أبو العدوس، 1999، ص129) ئەم جۆرە جوانکارییە بەهۆی وشەوە دروست دەبێت و مۆسیقای تایبەت بەدێرە شیعرەکە دەبەخشێ، واتە ئەم جۆرە (لەلایەنی ئاوازو مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵەو ئاوازی وشەکان لەهەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستونیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، مەبەست لەم جۆرەیان ئەوەیە؛ چۆن ڕەگەزەکانی بەرهەمی ئەدەبی پەیوەندی ئاوازو مۆسیقایان دەکەوێتە نێوان و چۆن ئەم ئاوازە ناوەکیی و دەرەکییە، کەشی دەربڕینی بیرو سۆز بەجۆشتر دەبێ و چنینی ڕستەو دێرەکان؛ سفت و تۆکمە دەبێت، ئەم بەشە زیاتر خۆی بە دووبارەبوونەوەی دەنگ خەریک دەکات، کە ئاوازی ناوەو ڕەگەزدۆزی و دووبارەبوونەوەو سەروا دەگرێتەوە) (گەردی، ؟، ل76-77) واتە بەدەستکاریکردنی دەنگێک لەدەنگەکانی وشە جوانییەکەی لەدەست دەدات

و مۆسـیقاکەی تێک دەچێت و گرنگی نامێنێت، بۆیە بەداڕشـتنی وشـەکان سـەروای خۆش ئاواز دروسـت دەکەن، ئەمەش جوانی و گرنگی بە دێرە شیعرەکان دەبەخشن. هەر ئەمەیشە وایکردووە جوانکاری وشەیی زۆر جۆری هەبێت، لێرەدا هەندێکی بەنموونەی شیعری دەخەینە ڕوو؛ لەوانە:

### 1.1.1 ڕەگەزدۆزی:

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری وشـەیی)یە، لەعەرەبیدا (الجناس)ی پێ دەڵێن، بریتییە لەبوونی دوو وشـە کە لەدەرپڕینێکدا، جا ئەم دوو وشـانە تەواو یاخود کەمێک لێکچووبن، بەڵام لە واتادا جیاواز بن (مسـتەفا، 2011، ل224) ئەمەیە دەبێتە هۆی دروسـتبوونی سـەرواو دروسـتکەری مۆسـیقایەکی خۆش بۆ دێرە شـیعرەکە، هەر ئەمەشـە وایکردووە پێکهێنەری دەنگەکانی ئەم وشـانە ئەوەندە گرنگ بێت بەگۆڕینی دەنگێک لەوشـەکە، مۆسـیقای شـیعرەکە تێک بچێت و جوانییەکەی لەناو ببرێت. واتە ڕەگەزدۆزی ڕۆڵێکی گرنگ لەپێکهێنانی مۆسـیقای ناوەوەو دەرەوەی شـیعرەکان دەبینێت. لەبەر ئەوەی لەلایەک سەروای تایبەت بۆ شیعرەکە دروست دەکات لەلایەکی تریش واتای بەچێژ بەدەقە شـیعرییەکە دەبەخشـێت؛ بەهۆیەوە سـەرنجی وەرگر زیاتر بۆخۆی کێش دەکات. ئەمەش دوو جۆری سەرەکی هەیە؛ لەوانە:

#### 1.1.1.1 ڕەگەزدۆزی تەواو:

ڕەگەزدۆزی تەواو لەعەرەبیدا (الجناس التام)ی پێدەڵێین، مەبەسـت لەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە ئەوەیە کە (دوو وشـەکانی لە شـێوەدا وەک یەک بێت، واتە دوو و شەکان لەڕووی ژمارەو شێوەو جۆرو ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەک بن و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نەبێت، بەڵام لەڕووی واتادا هەر یەکەیان واتای تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەبێـت و لەویتر جیاواز بێت) (الهاشمی، 2005، ص257) جۆرە ئاوازو مۆسـیقایەکی تایبەت دروسـت دەکەن. بۆ دەرخسـتنی گرنگی هونەری ڕەگەزدۆزی تەواو لەدروسـتکردنی مۆسـیقـادا؛ چەنـد نموونەیەکی شیعری دەهێنینەوە:

**بەکارو کۆشش، بەبیرو بڕوا**
**دوژمن ناچار کە باربکا بڕوا.** (دلزار، 2006، ل137)

لەم دێرە شـیعرەدا ڕەگەزدۆزی تەواو بەهۆی دوو بارەبوونەوەی وشـەی (بڕوا)دروستبووە، لەڕواڵەت وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن. (بڕوا)ی یەکەم نیوە دێر بەواتای بڕواهێنان هاتووە، (بڕوای)ی دووەم بەواتای ڕۆیشـتن هاتووە، بوو بەسـەروای ئەم دێرە شـیعرەو مۆسـقای دروسـتکردووە، بەگۆڕینی هەر دەنگێکی ئەوا مۆسقاکەی تێک دەچێت.

**ئەی چریکەی بێ دەنگی نوکی خامە**
**دوژمن گێژە و خەیاڵ و هۆشی خامە** (دیلان، 2013، ل76)

لەم دێرە شـیعرەدا ڕەگەزدۆزی تەواو بەهۆی دوو بارەبوونەوەی وشـەی (خامە)دروسـتبووە، لەڕواڵەت وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن. (خامە)ی یەکەم واتـای قەلەم دەگەیەنێـت، (خـامە)ی دووەم واتـای پێنەگەیشـتوو

دەگەیەنێت، ناتوانرێت دەنگێک لەوشـــەی خامە بگۆڕێن، لەبەر ئەوەی گرنگی واتا ڕاستەقینەکەی لەدەست دەدات و مۆسیقاکەشی ئەو ئاوازە بەجۆشەی نامینێت، لەبەر ئەوەی وشـــەی (خامە) بەدووبارەبوونەی لەهەردوو نیوە دێڕە شیعرەکە مۆسیقایان دەستەبەرکردووە.

**دەتـفرۆشن بـــە قـیمـەتی هەرزان**

**دەتدەنە دەستی ناکەس و هەرزان** (هێمن، 2006، ل87)

لەم دێڕە شـــیعرەدا ڕەگەزدۆزی تەواو بەهۆی دوو بارەبوونەوەی وشـــەی (هەرزان)دروستبووە، لەڕواڵەت وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن. (هەرزان)ی یەکەم واتای نرخێکی کەم دەگەیەنێت، (هەرزانی)ی دووەم واتای بێ قەدرو قیمەت دەگەیەنێت، بەمەش مۆســیقایەکی جوان و واتایەکی بەهێزی بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە.

### 2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواو:

ڕەگەزدۆزی نـاتەواو لەعەرەبیـدا (الجنـاس النـاقص)ی پێـدەڵێن، ئەوەیە وشــەکانی لەیەکێ لەو چوار مەرجانەی ڕەگەزدۆزی تەواو جیاواز بن و لە سێ یەکەی تریش وەکو یەک بن (الجـارم وأمين، 2005، ص319) واتە (بریتییە لە بوونی دوو وشـــە، کە یەک یـان زیـاتر لە مەرجەکـانی (ڕەگەزدۆزی تەواو) لەدەست دەدات، واتە بەشێکی گرنگی ڕەگەزدۆزی)یە، لەدوو وشە پێک دێت، کە تـاڕادەیەک لێکچوون لەنێوانیـانـدا هەیە، بەڵام لێکچوونەکە تەواو نییە، لە واتاشــدا هەردوو وشــەکان لەیەکتری جیاوازن و هەریەکەو واتای ســەربەخۆی خۆی هەیە) (عەبـدوڵڵا، 2012، ل18) ئەمەش بووەتە هۆی دروســـتبوونی چەندین جۆری جیاواز، لەگەڵیدا چەندین جۆری مۆســـیقای تایبەت بەخۆی و جیاواز لەویتر دەستەبەر کردییە. جۆرەکانی ئەم هونەرە بریتیین لە:

### 1.2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:

هونەرێکە لە ڕەگەزدۆزی ناتەواو، (بریتییە لە بوونی دوو وشـــە، کە ژمارەو شـــێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەک یەک بێ، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لە یەکتری جیاواز بن)) (عەبدوڵڵا، 2012، ل19) واتە تەنیا بەگۆڕینی یەک پیت لەنێوان هەردوو وشەکە دروست دەبێت. بۆنموونە:

**جـــا بـــیرکــەوە لــە کاری چاک**

**ســـوود بەخش بە بۆ گەل و خاک** (کازم کۆیی، 2000، ل41)

لەم دێڕە شـــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا لەنێوان وشـــەی (چاک و خاک)دروستبووە، چونکە یەک پیت (چ) لەوشەی یەکەم و(خ) لەوشەی دووەم لەنێوانیاندا جیاوازە، بەمەش واتایەکی بەهێزی لەپاڵ مۆســـیقایەکی دڵگیر بەدێڕە شیعرەکە بەخشیوە.

مەڕوانەرە ئەمڕۆ، کە بەڕومەت گوڵی تاکی

بـــڕوانە ســـبەینێ، کە لــەناو دامەنی خاکی (هەردی، 1984، ل52)

لەم دێڕە شـــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا لەنێوان وشـــەی (تاکی و خاکی)دروســـتبووە، چونکە یەک پیت (ت) لەوشـــەی یەکەم و(خ) لەوشـــەی دووەم لەنێوانیاندا جیاوازە، بەڵام پیتەکانی تر لەهەموو ڕوێکەوە وەک یەکن، بەهۆیانەوە مۆسقایەکی دڵگیر دروستبووە.

**2.2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها:**

هونەرێکی تری ڕەگەزدۆزی ناتەواوە، ئەوەیە (دوو وشـەکان لە ژمارەو شێوەو ڕێزبوون و جۆری پیتەکانیان دەشـــێ لەیەک جیا بن، بەڵام هەردووکیان یەک ڕەگیـان هەیە) (عەبـدوڵلا، 2003، ل31) بەجۆرێکی تر ئـاوازی تـایبەت بۆ شـــیعرەکە دروســـت دەکات. ئەمەش بەهۆی دەســـت ڕەنگینی شـــاعیر دەگەڕێـــتەوە چۆن بیەوێ ئەوا بەو شـێوەیە مۆســقایە پەیامەکەی بە وەرگر دەگەیەنێت. بۆنموونە:

**زەمـــان ئــێمە بـــــەشیشی غەم لەسەر ئاور ئەبرژێنی**

**سـەری سـوڕما لە جەهلی تۆ هەتاکەی هەر ئەبرژاوی.** (دڵدار، 1985، ل191)

لەم دێڕە شـیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها لەنێوان وشــەی (ئەبرژێنی و ئەبرژاوی)دروســـتبووە، هەرچەنــدە لەژمـارەو شـــێوەو ڕێزبوون و جۆری پیتەکانیشـــیان لەیەکتر جیاوان، بەڵام هەردوو وشـــەکان یەک ڕەگیان هەیە؛ ئەویش چاووگی (برژان)ە، بەهۆیانەوە مۆسقایەکی تایبەتی بۆ دێڕە شیعرەکە دروست کردووە.

**تا پێ ئەگەم ئەخوێنم**

**واز لــە خوێندن ناهێنم.** (زێوەر، 2003، ل113)

لەم دێڕە شـــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها لەنێوان وشـــەی (ئەخوێنم و خوێندن)دروستبووە، هەرچەندە لەژمارەو شێوەو ڕێزبوون و جۆری پیتەکانیشیان لەیەکتر جیاوان، بەڵام هەردوو وشـــەکان یەک ڕەگیان هەیە؛ ئەویش چاووگی (خوێندن)ە، بەهۆیانەوە شـــاعیر مۆســـقایەکی تایبەتی بۆ دێڕە شـــیعرەکە دروست کردووە.

**3.2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد:**

ئەم هونەرش بەوە دەناسرێت (هەردوو وشـەکان لەڕووی جۆرو شێوەو ڕێزی پیتەکـانیـان یەک بێـت، بەڵام ژمـارەی پیتەکـانیـان ئەوەنـدەی یەکتر نەبێـت، یەکێکیان پیتێک یا دوو پیت لەوی تر پتر بێت) (گەردی، 1975، ل16) گرنگی زیادکردنی ئەو

پیتە یان دوو پیت لەوە دایە ئاواز بۆ شیعرەکە دروست دەکەن. بۆنموونە:

**هەر کەس بە تەرتیب ڕێک نەکا کاری**

**رێکوپێک نابێ هەموو کرداری** (زێوەر، 2008، ل236)

لەم دێڕە شـــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد لەنێوان وشـــەی (کاری و کرداری)دروستبووە، لەبەر ئەوەی وشەی دووەم بەدوو پیت لەوشەی یەکەم زیاترە، ئەمەش بووەتە هۆی دروســـتبوونی جۆرە ئاوازێک لەپاڵییەوە واتایەکی بەهێزی بەخشیوە.

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان**
**نیای ڕمــــێنــێ دانــەیــی تــــۆپــــی زەمان** (دڵدار، 1985، ل173)

لەم دێرە شـــــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد لەنێوان وشــــەی (زمان و زەمان)دروســتبووە، لەبەر ئەوەی وشــەی دووەم بەیەک پیت لەوشــەی یەکەم زیاترە، بەمەش واتایەکی بەهێزو چراخان لەنێو دێرە شـــــیعرەکەیدا بەپێدانی مۆسیقایەکی جوان و بریسکەدار نەخشاندووە.

**4.2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی:**

ئەم هونەرەش بەوە پێناسە دەکرێت؛ (بریتییە لەبوونی دوو وشە، ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانیشیان لەیەک جیا بێ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان یەکسان بێ، لەهەمان کاتیشــــدا لەســــەر یەک کێش بن) (عەبدوڵلا، 2013، ل24) بۆ دروستبوونی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی پێویستە دوو مەرج لەنێوان دوو وشەکەدا هەبن؛ یەکیان ژمارەی پیتەکانی هەردو وشە وەک یەکبن، ئەویتریان هەردوو وشەکە هاوکێش بن. بەمشێوەیە مۆسیقای شیعری دروست دەکەن. بۆنموونە:

**شەمعەکەی ژینی وا تووایەوە**
**ڕەوشــــەنی نەما جا کوژایەوە.** (دلزار، 2006، ل192)

لەم دێرە شـــــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشــــی لەنێوان وشــــەی (تووایەوە و کوژایەوە)دروســــتبووە، هەردوو وشــــەکە لەژمارەی پیتەکانیان یەکسانن، بەڵام لە پیتی یەکەم و سێیەم جیاوازن و هەردووکیشیان لەسەر یەک کێشن، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرە مۆسیقایەکی تر.

**تەحەمول کە، فیغان بەس بێ، بە گریە خۆت مەفەوتێنە**
**ئــەرێ ئەی ناسیحی موشفیق بەبێ سوود دڵ مەڕەنجێنە** (دڵدار، 1985، ل215)

لەم دێرە شـــــیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشــــی لەنێوان وشــــەی (مەفەوتێنە و مەڕەنجێنە)دروســــتبووە، هەردوو وشــــەکە لەژمارەی پیتەکانیان یەکســــانن، بەڵام لە پیتی ســــێیەم و پێنجەم و شــــەشــــەم جیاوازن، هەردووکیشیان لەسەر یەک کێشن، ئەمەش بووەتە هۆی بەخشینی جۆرە مۆسیقایەک جیا لەوانی تر.

**5.2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی:**

هونەرێکی تری ڕەگەزدۆزی ناتەواوەو مۆســــیقایەکی ســــەرنجراکێش بۆ شیعرەکە دروست دەکات، (بریتییە لەبوونی دوو وشە، کە ژمارەی پیتەکان و جۆری پیتەکانیان وەکو یەکن، بەلام شـــێوەی پیتەکانیان مەرج نییە وەکو یەک بن، ڕیزبوونی پیتەکانیشیان

تەواو بە پێچەوانەی یەکن) (عەبدوڵلا، 2012، ل30-31)واتایەک و ئاوازێکی خۆش و جوان و بەپێز دەبەخشن. بۆنموونە:

**بۆ وەکو (کەو) لەسای دەوەن بە خوێندن**

**هــــاو تــــیــرمـان رابـــکێشین بۆ مردن** (دیلان، 2013، ل288)

لەم دێرە شیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی لەنێوان وشەی (وەک ، کەو)دروستبووە، هەردوو وشەکە لەژمارەی پیتەکانیان وەک یەکن، بەڵام لە ڕێزبەندی پیتەکان جیاوازن و پێچەوانەن، جوانی و مۆسیقایەکی تایبەتیان بەشیعرەکە بەخشیوە.

**پەلەی زوو ڕۆیینت بوو، بۆ دیدەنی غیلمان و حۆری بوو**
**بەسەد چاوی موحیبەت چاوەڕێی تۆیەو جینان ئەگری**
**لەدووری ئێوە (نووری) خۆی ئەناڵێنێ هەتا ماوە**
**لەدوای خۆی رۆحی غەمدیدەی بە شیعری ناتەوان ئەگری.** ( شێخ ساڵح، 2008، ل353)

لەم پارچە شیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی لەنێوان وشەی (حۆر ، رۆح)دروستبووە، هەردوو وشەکە لەژمارەی پیتەکانیان وەک یەکن، بەڵام لە ڕێزبەندی پیتەکان جیاوازن و پێچەوانەن، جوانی و مۆسیقایەکی تایبەتیان بەشیعرەکە بەخشیوە.

**6.2.1.1.1 ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی:**

ئەمەیش جۆرێکی تری ڕەگەزدۆزی ناتەواوە، بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە دووەمیان کەرتی یەکەمیانە، واتە وشەی دووەم لەڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لەوشەی یەکەم کەمترە، کەوابێت واتای هەردوو وشەکە لەیەک جیا دەبنەوەو هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆی دەبێت (عەبدوڵڵا، 2012، ل28) سەرەڕای جوانی ئاوازێکی خۆش لەپاڵ واتاکەی دێرە شیعرەکە ڕەنگینتر دەکەن. بۆنموونە:

**دەستاڕی دەستی مــێــژوو دەهەنجنم**
**لەجێی ئەوا، لێی دەڕوێنم تــــۆوی گەنم.** (ڕەنجبەر، 2007، ل19)

لەم دێرە شیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی لەنێوان وشەی (دەستاڕ ، دەست)دروستبووە، وەشەی دووەم (دەست) کەرتکراوی وشەی یەکەم (دەستاڕ)ە، وشەی یەکەم لەڕووی ژمارەی پیتەوە لەوشەی دووەم زیاترە، ئەگەرچی کەرتکراون بەڵام مانای هەریەکەیان جیایە لەوی تر، واتە بەپێدانی واتایەکی چێژدار ئاوازێکی خۆشیان بۆ شیعرەکە دەستەبەر کردوە.

**شــەوچرای شەوی کوردستانم ڕۆ**
**هــیوای دووا ڕۆژی کوردستانم ڕۆ.** (دڵدار، 1985، ل81)

لەم دێرە شیعرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی لەنێوان وشەی (شەوچرا ، شەو)دروستبووە، وشەی دووەم (شەو) کەرتکراوی وشەی یەکەم ( شەوچرا)ە، و شەی یەکەم لەڕووی ژمارەی پیتەوە لە لەو شەی دووەم زیاتر، ئەگەرچی کەرتکراون بەڵام مانای هەریەکەیان جیایە لەوی تر، بەمەش ئاوازێکی نەخشین هاوشان بەواتایەکی دڵگیر دێرە شیعرەکە دروستکراوە.

**2.1.1 هێنانەوە:**

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی تری ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری وشەیی)یە، لەعەرەبیدا (رد اعجاز الكلام على ما تقدمها)ی پێ دەڵێن، بریتییە لەهێنانی وشەیەک لەسەرتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی نیوە دێری یەکەم، هێنانەوەی هەمان وشەی هاو شێوە یان هاوڕەگەز، دەبێت لە کۆتایی نیوە دێری دووەم (مستەفا، 2011، ل241) بەمشێوەیە مۆسیقایەکی سەرنجڕاکیش دروست دەکەن. بۆ نموونە:

**کورد بەزینی بۆ نەبوو دەستی نەدا، با دوژمنیش**
**ڕانــــەوەستابێ لە تالان و بڕۆ و کوشتاری کورد.** (هێمن، 2006، ل113)

لەم دێرە شیعرەدا هێنانەوە بەهۆی وشەی (کورد)دروستبووە، لەنیوە دێری یەکەم لەسەرەتادا هاتووەو لەنیوە دێری دووەمیش بەهەمان شێوەو هاوشێوە لەکۆتاییدا هێنراوەتەوە، بەهۆیانەوە واتای دێرە شیعرەکەی سەرنجڕاکێش کردووە.

**ئاسمانیش لە شەفەق گریەیی خوێنینی هەڵڕشت**
**هێندە بــــەسەر ڕۆژی ڕەشمدا کە شەوی تار گریا** (پیرەمێرد، 2007، ل308)

لەم دێرە شیعرەدا هێنانەوە بەهۆی وشەی (گریان)دروستبووە، وشەی (گریە) لەناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم هاتووەو وشەی (گریا)ش لەکۆتایی نیوە دێری دووەم هێنراوەتەوە، هەردووکیان یەک ڕەگەز و بنچینەیان هەیە ئەویش (گریان)ە، بەهۆیانەوە واتاو ئاوزای بۆ شیعرەکە دروستکردووە.

**3.1.1 گێڕانەوە:**

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی تری ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری وشەیی)یە، لەعەرەبیدا (الترديد)ی پێ دەڵێن، بریتییە لە هێنانەوەی وشە یان ڕستەیەکە، بەو مەرجەی هەرجارەو لەپاڵ شتێکەوە هاتبێت، ئەمەش بە بەرچاوگرتنی ئەو وشە و ڕستانەیەی (گێڕانەوە)کە دروست دەکات. (عەبدوڵڵا، 2012، ل40) شاعیر بەهۆی ئەم جۆرە هونەرە جوانکاری وشەییە مۆسیقایەکی چێژ بەخش بۆ شیعرکەی دروست دەکات لەڕێگەی یاریکردن بەوشەکان بە پێی پێویستی و بەخشینی جوانی بەکارهێناوە. بۆنموونە:

**گەڕامەوە بۆ پێکەنین**
**بۆ ڕووناکی، بۆ خۆشیی ژین**
**بۆ چیمەنێک لە بەهاردا،**
**بۆ دیمەنێک لە گوڵزاردا،**
**بۆ جووکەیێکی ناخی مەل،**
**بۆ بزەیێکی لێوی کەل.** (پەشێو، 2014، ل120)

لەم پارچە شیعرەدا گێڕانەوە بەهۆی ئامرازی پرسی (بۆ) دروستبووە، لەبەر ئەوەی هەرجارەو لەپاڵ وشەیەک گێڕدراوەتەوە، هەروەها گێڕانەوە بەهۆی ئامرازی پەیوەندی (لە) دروستبووە، لەبەر ئەوەی جارێک لەپاڵ وشەی (بەهار)

و جارێکیش لەپاڵ وشـــەی (گوڵزار) گێڕدراوەتەوە، بەهەموویانەوە جوانییەکی بێ وێنەیان بۆ شیعرەکە دروست کردووە.

**ژنەکان دەگرین**
**ژنەکان، میهرەبانن،**
**ژنەکان، نیانن.**
**بۆییە ژیان،**
**ژنانەییە.** (گۆران، 2015، ل158)

لەم پارچە شیعرەدا گێرانەوە بەهۆی ناوی کۆی (ژنەکان)درو ستبووە، لەبەر ئەوەی هەرجارەو لەپاڵ وشـــەیەک گێڕدراوەتەوە، لەبەر ئەوەی جارێک لەپاڵ وشـــەی (دەگرین) و جارێکیش لەپاڵ وشـــەی (میهرەبان) و جارێکیی تریش لەپاڵ وشـــەی (نیان) گێردراوەتەوە، بەهەموویانەوە جوانییەک و خۆش ئاوازیان بۆ شیعرەکە دروست کردووە.

**4.1.1 گەڕانەوە:**

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی تری ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری وشەیی)یە، (بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتای دێری دووەمیدا، یان لە سەرەتای نیوەدێری دووەمیدا، بۆ جەختکردنەوە لەســـەر واتای ئەو وشـــە، یان ئەو وشـــانەی، لەناوەڕاســـت، یان لە کۆتایی دێری یەکەمیدا، یان نیوەدێری یەکەمیدا هێناونیەتی، مەبەســـتیش لەمە تۆخکردنەوەی ئەو وشـــەیەیە، کە دووبارە دەگەڕێتەوە ســـەری) (عەبدوللا، 2013، ل45)، ئەمەش هەم جوانی هەم پاراوی و بەپێزی بەشیعرەکە دەبەخشن. بۆنموونە:

**دوێ شەو بەری بەیان بوو ئەگریان بەسەر منا**
**منیان کەساس ئەبینی لەناو دۆست و دوژمنا.** (پیرەمێرد، 2007، ل98)

لەم دێرە شـــیعرەدا گەڕانەوە بەهۆی ڕاناوی (من)دروســـتبووە، لەکۆتایی نیوەدێری یەکەم (من) هاتووەو دواتر لە ســـەرە تای نیوەدێری دووەم ڕا ناوی (من) هێنراوەتەوە، بەمەش جەختکردنەوە لەجۆری (من)دا کراوە کە مەبەستی شـــاعیر چ جۆرە (من)ێکە. بەمەش شـــاعیر ئاوازێکی خەمبارو واتایەکی کاریگەری بۆ شیعرەکە دروستکردووە.

**دایکی ئەیوت:**
**ئەوسا من دوو دڵم هەبوو**
**دڵێکیانم لەلای تۆ بوو**
**لەسەر شاخ و**
**دڵێکیشم لێرە لای نان**
**ئەموت ئەگەر**
**یەکەمیان بگەڕێتەوە**
**دووهەمیشیان پەیدا ئەبێ و**

**لەگەڵ ئەودا دێنەوە ماڵ.** (بێکەس، 2009، ل293)

لەم پارچە شــیعرەدا گەڕانەوە بەهۆی وشــەی (دڵ)دروســتبووە، لەکۆتایی نیوەدێڕی یەکەم (دڵ) هاتووەو دواتر لە ســـەرەتای نیوەدێڕی دووەم وشـــەی (دڵ) هێنراوەتەوە، بۆ جاری سێیەمیش (دڵ) لەنیوەدێڕی چوارەم هێنراوەتەوە، بەمەش جەختکردنەوە لە دوو جۆری (دڵ)دا کراوە کە مەبەســتی شــاعیر چ جۆرە (دڵ) ێکە. بەمەش شـــاعیر ئاوازێکی خەمبارو واتایەکی کاریگەری بۆ شیعرەکە دروستکردووە.

### 5.1.1 پاتکردنەوە:

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی تری ڕەوانبێژی جۆری (جوانکـاری وشـــەیی)یە، لەعەرەبیدا (التكرار)ی پێ دەڵێن، مەبەســـت لێی ئەوەیە لەدوای دەرپڕینی مەبەســت؛ وشــە بۆ چەند جارێک لەســنووری دێرەشــیعرێکدا بەدوای یەکدا ووترێتەوە بەهەمان واتای مەبەست (سالار، 2000، ل102) واتە نابێت وشەکە یان دە ستەواژەکە گۆڕانکاری بە سەرداهاتبێت، دەبێت وەک خۆی چەند جارێک بەدوای یەک بێ ئەوەی وشــەی تری بکەوێتە نێوان هێنرابێـــــتەوە. ئەمەش هونەرێکە جوانییەکی تایبەت و مۆسیقایەکی خۆشی جەختلێکراو لەواتایەکی تایبەت بە دێرە شیعرەکە دەبەخشرێت. بۆ نموونە:

**پێ یان وتم: بخۆرەوە، بخۆرەوە، بخۆرەوە**
**ژەنـــگ و ژاری دەروونـــەکەت بشۆرەوە.** (فەلاح، 2004، ل261)

لەم دێرە شیعرەدا پاتکردنەوە بەهۆی فەرمانی ئەمری (بخۆرەوە)دروستبووە، لەبەر ئەوەی (ســـێ جار) ڕاســـتەوخۆ و بەدوای یەک و بەهەمان واتا لەنیوە دێڕی یەکەم پاتکراوەتەوە، ئەمەش دەریخســـتووە کەوا جە خت لەوا تایەکی د یاریکراو دە کاتەوە، بەهۆیەوە جوانییەک و وا تایەکی بزوێنەری بەشـــعرەکە بەخشیوە.

**ئەمڕۆ نییە، دەیان ساڵە**
**ئەشکی چاوم، زەنگوڵ زەنگوڵ،**
**خوێنی دڵم،**
**دڵۆپ دڵۆپ، دانە دانە..**
**بۆ گەردەنی شووشە نەوتێک**
**دەکاتە مۆریی گەردانە.** **(پەشـــێو، 2014، ل476)**

لەم پارچە شــیعرەدا ســێ جۆری پاتکردنەوە دروســتبووە، یەکێکیان بەهۆی وشەی (زەنگوڵ) لەنیوەدێڕی دووەم و هەر یەکە لە (دڵۆپ) و (دانە) لەنیوەدێڕی چوارەم دروســـتبووە، هەریەکەیـان (دووجـار) ڕاســـتەوخۆ و بەدوای یەک و بەهەمان واتا پاتکراوەتەوە، ئەمەش دەریخســـتووە کەوا جەخت لەواتایەکی دیاریکراو دەکاتەوەو دەســـت ڕەنگینی شـــاعیر لەم پارچە شـــیعرەدا ئاوازێکی کاریگەری تیادا نەخشاندووە.

### 2- ئەو هونەرانەی واتای بەهێز دەکەن:

ئەو هونەرانەی کەوا واتای بەهێزو فرە واتا بەدەقی شــیعری دەبەخشــن، فەلســەفەکە لێرەیە بەهۆیەوەیە ناتوانرێت دەســتبەرداریان بین، هەروەها ناتوانرێت دەستکاریان بکرێت. ئەوا ئەو هونەرانە هونەرەکانی جۆری (جوانکاری واتایی)ن، واتە جوانکاری لە سەر واتا دروست دەکرێت. لەم بە شەدا باسیان لێوە دەکەین.

## 2 . 2 جوانکاری واتایی:

جۆرێکە لەجۆرە ســەرەکییەکانی جوانکاری، مەبەســت لێی ئەوەیە کە جوانکردنەکە تیایدا بەزۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێکیان بە واتای جوانکردنی دەربرینیش دێن، نیشــانەکەشــی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینێکی دەقەکە بە هاوواتاکەی گۆردرا، جوانکاریە ئاماژە بۆ کراوەکە ناگۆڕێت، چونکە مەبەســت لەم جوانکارییە جوانکردن و باشــکردنی مانایە. کەواتە ئەم جۆرە جوانکارییە لە لایەنی واتای وشــەو دەســتەواژەو ڕســتەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی چێژی جوانیناسـییەوە (أبو العدوس، 1999، ص132) واتە بەخشـین و گەیاندنی واتای بەهێز بەهۆی جوانکارییەوەیە، مەبەستی بەلاغەش گەیاندنی بەهێزترین واتا بەجوانترین و خۆشــترین دەربڕینە، بۆیە ناتوانرێت وشــەکان لابرێن یان دەســتکاری بکرێن، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی لەناوچوونی جوانی دەربرین و واتــا بەهێزەکەی نێو دەقە شــیعرییەکە لەنــاو دەچێــت، بۆیە بەشـێوەیەکی پلان دارێژەر لە ئاوەزی شـاعیرەوە خۆرسـکانە دێتە ئاراوە، هەر ئەمەیشــە وایکردووە جوانکاری واتایی زۆر جۆری هەبێت، لێرەدا هەندێکی بەنموونەی شیعری دەخەینە ڕوو؛ لەوانە:

### 1.2.2 دژیەک:

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری واتایی)یە، لەعەرەبیدا (الطباق)ی پێ دەڵێن، ((بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشــەی دژو پێچەوانە لەئاخاوتندا) (أبو ليل، 2006، ص214) واتە بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە جوانکارییە (لەبوونی دوو وشــەی واتا دژو پێچەوانەی یەک، جا ئەم وشــانە لەفەرهەنگدا ســەربەخۆیان هەبێت، یانیش دووەمیان نەرێی یەکەم بێ، گرنگیش نییە دوو وشەکان دوو ناو، یان دوو فرمان، یان دوو ڕاناو، یان دوو چاووگ، یان دوو ئاوەڵناو و یــان هەرچییەک بن، لەیەک جۆردا بن، یــان لەدوو جۆری لەیەکجیــادا بن)(مستەفا، 2011، ل294) کەواتە دژیەک دوو جۆری لێ دەبێتەوە جۆرێکیان، لەڕێگەی وشە فەرهەنگیەکانەوە دروست دەبێــت، جۆرەکەی تریشی بەهۆی نەرێی وشەکانەوە دروست دەبێت. ئەمەش گرنگی واتاو بەهێزی واتا لەدەقی شیعری دەخاتەڕوو. دوو جۆری سەرەکی هەیە؛ لەوانە:

#### 1.1.2.2 دژیەکی فەرهەنگی:

دژیەکی فەرهەنگی لەعەرەبیدا (طباق الأيجاب)ی پێدەڵێین، مەبەست لەم جۆرە (ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشــەکانی لەفەرهەنگی زمانەوە هەر یەکەو ڕەگێکی ســەربەخۆیان هەیە) (مســتەفا، ؟، ل272) و جیایە لەویتر، ئەمەش دەبێتە بەخشینی واتای جوان و بەهێز بەدەقی شیعریدا؛ بۆ نموونە:

**من**

**پەنجەرەیەکم هەیە**
**هەمیشە کراوە بەڕووی دڵتەنگیدا**
**دەرگایەکیش داخراو بەڕووی پێکەنیندا....** (گۆران، 2015، ل255)

لەم پارچە شـــیعرەدا دژیەکی فەرهەنگی بەهۆی وشـــەکانی (کراوە ، داخراو)دروســـتبووە، هەریەکەیان واتاو ڕەگی تایبەت بەخۆیان لە فەرهەنگدا هەیە و دژو پێچەوانەی یەکترن، ســـەرەڕای واتای ڕاســـتەقینە واتایەکی تری خوازراو دەبەخشن، سەرەتا (کراوە)ی هێناوە هەرکە ئەم وشەیە دەخوێنینەوە وا چاوەڕوان دەکەین وشـەکەی دوای خۆی گەشـبینانە بێت بەلام بۆ واتایەکی دەرونی ناخۆشـی هێناوە، دواتر (داخراو)ی خسـتۆتە پاڵ وشـەیەک چاوەڕوان نەکراو بووە، واتاکەی بەهۆی ئەم دوو وشـانەوە وا گۆڕیوە وەرگر پێشـبینی ئەو واتایەی لێ نەدەکرد، ئەمەش فەلســەفەو دەســتڕەنگینی شــاعیر پێشــان دەدات و بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت دەستکاری بکرێن، چونکە گەیاندنی واتاو مەبەســتی ســەرەکی بەســتراوەتەوە بەو دوو وشــە دژیەکەوە. ئەمەش بۆ بەهێزی واتای وشەکە دەگەڕێتەوە.

**لە گریانی ناو ئازاری زامی لەش دا**
**ئومێد، دیاریی، پێکەنینم، بۆ ئەهێنێ.** (بێکەس، 2009، ل94)

لەم دێرە شـــیعرەدا دژیەکی فەرهەنگی بەهۆی وشـــەکانی (گریان ، پێکەنین)دروســـتبووە، هەریەکەیان واتاو ڕەگی تایبەت بەخۆیان لە فەرهەنگدا هەیە و دژو پێچەوانەی یەکترین، ســـەرەڕای واتای ڕاســـتەقینە واتایەکی تری خوازراو دەبەخشـــن، ئەمەش مەبەســـتی شـــاعیرە، بەهۆیانەوە واتای دێرە شیعرەکە بەهێز دەکەن. بۆیە ناتوانرێت دەستکاری وشەکان بکرێت.

**2.1.2.2 دژیەکی نافەرهەنگی:**

دژیەکی فەرهەنگی لەعەرەبیدا (طباق السلب)ی پێدەڵێین، مەبەست لەم جۆرە (ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشـــەکانی یەکیان نەفی ئەویتریانە، واتە هەردووکیان لەفەرهەنگدا یەک ڕەگیان هەیە، نەک دوو ڕەگی ســـەربەخۆ) (مســـتەفا، ؟، ل272) واتە بەهۆی پێشـــگری (نە، نا، مە، ..)دەکرێنە نەرێی ئەویتر. ئەمەش ســـەرەڕای جوانی واتـایەکی بەهێز بەدەقی شـــیعری دەبەخشن. بۆنموونە:

**تۆ ئەتوانی**
**ئەم ئاوێنە بشکێنی**
**بەڵام ناتوانی بیمرێنی**
**چونکە سروشتی ئاوێنە**
**خۆی وەهایە**
**لە شکاندا ئەو زۆر ئەبێ و**
**بیکەی بەهەزار لەتەوە**
**دیسانەوە**
**هەزار ئاوێنەی تێدایە.** (بێکەس، 2009، ل535-536)

لەم پارچە شـــیعرەدا دژیەکی نافەرهەنگی بەهۆی وشـــەکانی (ئەتوانی ، ناتوانی)دروســتبووە، هەردووکیان ڕەگیان یەکە، یەکیان ئەرێ و دووەمیان وەکو نەرێ هێنراوە، بووەتە دژو پێچەوانەی یەکتری. بۆیە ناتوانرێـــــت وشـــەکان لابرێت، بەلابردنیان واتای جوان و بەهێزی شیعرەکە ون دەبێت.

**ئـەی ڕۆح نــاخۆشی و خۆشی زەمانـــە**
**لەگەڵ یەک وەک یەک چێشـــتمان ئازانە** (شـــێخ ســـاڵح، 2008، ل296)

لەم دێرە شــیعرەدا دژیەکی نافەرهەنگی بەهۆی وشــەکانی (ناخۆشـــی ، خۆشی)دروستبووە، هەردووکیان ڕەگیان یەکە، بەڵام یەکیان ئەرێ و ئەویتریان وەکو نەرێ هێنراوە. بووەتە دژو پێچەوانەی یەکتری. بۆیە ناتوانرێـــت وشەکان لابرێن، بەلابردنیان واتای جوان و بەهێزی شیعرەکە ون دەبێت.

**2.2.2 بەرامبەری:**

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری واتایی)یە، لەعەرەبیدا (المقابلە)ی پێ دەڵێن، (بریتییە لەبوونی بەلانی کەم چوار وشـــە، دوو یان لەبەشـــی یەکەمی ئاخاوتن و دووەکانی تر لەبەشـــی دوای ئەوەوە دێن، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان هەر وشەیەک و وشەیەکی بەشی یەکەم و وشە بەرانبەرەکەی لەبەشـــی دووەمدا پەیوەندییەکی دژیەکی هەبێت، جا بەڕێکی لەبەرامبەر یەک بێن، یان بەناڕێکی) (مستەفا، 2011، ل294) هاتبن، وشەکان واتای بەهێزیان تیایدا بارکراوە بۆیە ناتوانرێت لابرێن، واتای بەهێز بەبەرگی جوانی بەدێرە شیعرەکە دەبەخشن. ئەمەشیان دوو جۆری سەرەکی هەیە؛ لەوانە:

**1.2.2.2 بەرامبەری ڕێک:**

مەبەســت لەم جۆرە ئەوەیە وشــەکانی بەشــی دووەم بەڕێکی لەبەرانبەر وشەکانی بەشی یەکەمدا بێن. بۆنموونە:

**توخوا شەو نەبێ، تاریک و لێڵە**
**بە ڕۆژی ڕووناک جێم مەهێڵە** (شـــێخ ســـاڵح، 2008، ل296)

لەم دێرە شــیعرەدا بەرامبەری ڕێک دروســتبووە؛ لەبەر ئەوەی وشــەکانی دێڕی دووەم (ڕۆژ ، ڕووناک) بەڕێکی لەبەرانبەر وشەکانی دێڕی یەکەم ( شەو ، تاریک) هاتۆتەوە، واتە (ڕۆژ بەرانبەر بە شــەو) و (ڕووناک بەرانبەر بە تاریک)ە، واتای بەهێزیان دروستکردووە.

**کێیە نــاســــــاغ بم بکا شین و گرین**
**وەختی ساغیم بێتە خۆشی و پێکەنین.** (زێوەر، 2003، ل232)

لەم دێرە شـــیعرەدا بەرامبەری ڕێک ســـێیانە دروســـتبووە؛ لەبەر ئەوەی وشـــەکانی دێری دووەم (ســـاغ، خۆشـــی ، پێکەنین) بەڕێکی لەبەرانبەر وشەکانی دێری یەکەم ( ناساغ ، شین ، گرین) هاتۆتەوە، واتە (ساغ بەرانبەر بە ناساغ) و (خۆشی بەرانبەر بە شین) و (پێکەنین بەرانبەر بە گرین)هاتووە،

پەیوەندی نێوانیان دژەواتاو پێچەوانەی یەکترن. بەهەموویانەوە واتای بەهێزیان دروستکردووە.

**2.2.2.2 بەرامبەری ناڕێک:**

مەبەست لەم جۆرە ئەوەیە وشەکانی بەشی دووەم بە ناڕێکی لەبەرانبەر وشەکانی بەشی یەکەمدا بێن. بۆنموونە:

**ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس و مەلوول تاریک ئەکا دنیا**

**ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بە سەر سەرما.** (گۆران، 1385، ل160)

لەم دێڕە شیعرەدا بەرامبەری ناڕێک دروستبووە؛ لەبەر ئەوەی وشەکانی نیوە دێڕی یەکەم (مەئیوس ، تاریک) بەناڕێکی لەبەرانبەر وشەکانی نیوە دێڕی دووەم ( نوور ، شاد) هاتۆتەوە، واتە (مەئیوس بەرانبەر بە نوور) و ( تاریک بەرانبەر بە شاد) هاتووە، پەیوەندی نێوانیان دژیەکییە. بەهەموویانەوە واتای بەهێزیان دروستکردووە.

**3.2.2 جێگۆڕین:**

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری واتایی)یە، لەعەرەبیدا (العكس یان التبدیل)ی پێ دەڵێن، مەبەست لێی ئەوەیە (لە پێشدا دوو وشە یا دوو دەستەواژە یا دوو ڕستە بێنی، ئینجا بەدوای ئەوەوە هەردوو وشە یا دەستەواژە یا ڕستە دووپات بکەیتەوە بەو مەرجەی جێگۆڕیان بکەیت، ئەوەی پێشکەوتبوو پاشی بخەی، ئەوەی لەدواوە بوو لەبەراییەوە بیهێنی) (گەردی، 1975، ل77) ئەم هونەرەش واتای بەهێز بەهۆی جوانییەوە دەگەیەنێت. بۆنموونە:

**کفت و ماندووم.**

**نە چاو لە هەنگاوم دەگا،**

**نە هەنگاو لە چاوم دەگا.** (پەشێو، 2014، ل402)

لەم پارچە شیعرەدا جێگۆڕین بە وشەکانی (چاو ، هەنگاو) لەئاستی ستونیدا کراوە. لەبەشی یەکەم سەرەتا وشەی (چاو) لە پێش وشەی (هەنگاو) هاتووە، بەڵام لەبەشی دووەمی وشەی (هەنگاو)ی پێش خستووەو وشەی (چاو)ی بەدوادا هێناوە. بەمشێوەیە بەهۆی جێگۆڕینی وشەکانەوە واتاو جوانی بەشیعرەکەدا بەخشیوە.

**تا هێزی بزووتن لە لەشما بەگوڕ بوو**

**من کوڕ بووم بۆ ئاغا و ئاغا باوکی کوڕ بوو.** (گۆران، 1385، ل157)

لەم دێڕە شیعرەدا جێگۆڕین بە وشەکانی (کوڕ ، ئاغا) لەئاستی ئاسۆییدا کراوە. لەبەشی یەکەم سەرەتا وشەی (کوڕ) لە پێش وشەی (ئاغا) هاتووە، بەڵام لەبەشی دووەمی وشەی (ئاغا)ی پێش خستووەو وشەی (کوڕ)ی بەدوادا هێناوە. بەمشێوەیە بەهۆی جێگۆڕینی وشەکانەوە واتای بەهێزی بەشیعرەکەدا نەخشاندووە.

### 4.2.2 فرەواتایی:

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری واتایی)یە، (بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان چەند وشەو دەستەواژەیەک کەبەسەریەکەوە زیاتر لە واتایەک ببەخشن) (عەبدوڵڵا، 2012، ل146) شاعیران ئەم هونەرە بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنن؛ بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی وەرگر و گەیاندنی پەیامەکەیان. بۆ نموونە:

**چاوم تاریکە، دڵم بێخولیا،**
**لێم گەڕێن بۆ خۆم تەنیا بم ... .تەنیا**
**وەکوو بیرێکی فەرامۆشکراو،**
**کە یەک پشکەئاو نەبێ لەبنیا.** (پەشێو، 2014، ل160)

لەم پارچە شیعرەدا فرەواتایی بەهۆی وشەی (بیر) دروستبووە، لەبەر ئەوەی دەشێت زیاتر بەیەک واتا هاتبێت؛ لەوانە:

1. بەواتای بیری نەوتی کرکوکی فەرمۆشکراو هاتبێت کە شاعیر مەبەستی بێت.
2. بەواتای بیری ئاو هاتبێت و وشکی کردبێت.
3. بەواتای شاعیر بیرو فکری خۆی مەبەست بێت.

لێرەدا هیچ کەسێک بەواتای دروست ناگات بێجگە لە شاعیر نەبێت، بەڵام خوێنەر دەکرێت بەپێی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆی بەهەر یەک لەو واتایانەی دابنێت. بەمەش (فرەواتایی)یەکی لەقالب نەخشیندا بەرهەم هاتووە.

**دەنگێک هات لە ئاسمانەوە**
**شریخاندی دەنگدانەوە.** (پەشێو، 2019، ل223)

لەم دێڕە شیعرەشدا فرەواتایی بەهۆی (دەنگێک هات لەئاسمانەوە) دروستبووە، لەبەر ئەوەی دەشێت زیاتر بەیەک واتا هاتبێت؛ لەوانە:

1. دەکرێت بەواتای دەنگێگ بێ لەغەیبەوە.
2. دەکرێت بەواتای دەنگی چەک و تۆپ و ساروخ بێت.
3. دەکرێت دەنگی فڕۆکە بێت.
4. دەکرێت بەواتای دەنگی مرۆڤێک بێت هاوار بکات.
5. دەکرێت بەواتای دەنگی باڵندەیەکی دەنگ تیژ بێت.

لێرەدا هیچ کەسێک بەواتای دروست ناگات بێجگە لە شاعیر نەبێت، بەڵام خوێنەر دەکرێت بەپێی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆی بەهەر یەک لەو واتایانەی دابنێت. بەمەش (فرەواتایی)یەکی جوان و ڕەنگینی بەرهەم هێناوە

### 5.2.2 پۆشین:

ئەم جۆرە؛ هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆری (جوانکاری واتایی)یە، لەعەرەبیدا (التوریە)ی پێ دەڵێن، بریتییە لە درووستکردنی پەیوەندی لەنێوان دوو شت، یەکیان واتایەکی دووری هەبێ، ئەوی تریان واتایەکی نزیک، بەڵام لەدەقەکە مەبەست واتا دوورەکە بێ. واتە پۆشین ئەوەیە شاعیر یا نووسەر وشەیەک بێنێت، ئەو وشەیە دوو واتا بگەیەنێت؛ واتایەکی دوورو یەکی نزیک ( عەبدوڵڵا،

2012، ل129) واتای دوور؛ بەو واتایەی خوێنەر درەنگ بۆ واتاکەی بچێت، واتای نزیک؛ بەو واتایەی خوێنەر زوو بۆی بچێت. هونەرێکە واتای بەهێزو شـــێوازی دەربڕینی جوان بۆ دەقی شیعری بەرهەم دێنێت. بۆیە پۆشین وەک هونەرێک زیاتر لەجۆرێکی هەیە لەوانە:

**1.5.2.2 پۆشینی ڕووت:**

پۆشینی ڕووت لەعەرەبیدا (التوريه المبينه)ی پێدەڵێین، مەبەست لێی ئەو پۆشینەیە شتێکی لەدوور یان لە نزیک لێ باس کرابێت، بەڵام پەیوەندی بەواتا دوورەکەوە هەبێت (عتيق، ؟، ص126) واتە (بەتەنیا هاتنی ئەو وشـــەیەی کە (پۆشــین)ەکەی لێدروســت دەبێت، بەو شـێوەیەی کە هیچ هێماو ئاماژەیەکی لەتەک نەهاتبێت، ئەو بخاتە ڕوو مەبەســـت واتا نزیکەکە یان دوورەکەیە) ( عەبدوڵڵا، 2012، ل129) خوێنەر بخاتە ئەو بارەی نەزانێت ئەو وشـــەیەی بۆ چ واتایەکە. بۆنموونە:

**دەتناسمەوە:**
**لە تۆفانی شەستوسێدا**
**تۆ بووی...شەوێک**
**بەرەو شاخ بووی بەڕێنمام** (پەشێو، 2014، ل256)

لەم پارچە شیعرەدا پۆشین بەهۆی وشەی (تۆفان) دروستبووە، واتایەکی نزیک manای تۆفانی ڕاستەقینەیەو لەوکاتەدا ڕوویدابێت، بەڵام (تۆفان) واتایەکی پۆشراوەو دووریشی هەیە. کە شاعیر مەبەستیەتی ئەویش (هەڵگیرسانی شـــۆڕش و ڕاوانی خەڵک بەرەشـــبگیری)یە، بەمشـــێوەیە وشـــەی (تۆفان) پۆشـــینەکەی دوســـتکردووە، هیچ ئـامـاژەو نیشـــانەیەکی لەگەڵ نییە؛ کەمەبەست لێی واتا دوور یان نزیکەکەی بێت.

**2.5.2.2 پۆشینی پاڵا:**

پۆشـــینی ڕووت لەعەرەبیدا (التوريه الموشـــحه)ی پێدەڵێین، (بریتییە لەو پۆشـــینەی کە لەتەک ئەو وشـــەیەی پۆشـــینەکەی لێ دروســـت دەبێت، وشــەیەکی تر هاتبێت، وای دەربخات، کە هێمایە بۆ واتا نزیکەکە، ئەمەشـیان بۆ ئەوەیە، تا زیاتر بیرو هۆشی گوێگر بۆ لای مانا نزیکە نامەبەستەکە بچێت و زەین و هۆشی لەمانا دوورە مەبەستەکە دوور بکەوێتەوە) ( عەبدوڵڵا، 2012، ل129)

**بۆچی مووسا**
**دار عەساکەی هەڵنابڕێ و نایکا بە مار**
**ئەوا دیسان بەردبارانی مەجەدەلییە،**
**کەنگی مەسیح دێتە هاوار؟** (پەشێو، 2019، ل57-56)

لەم پارچە شیعرەدا پۆشین بەهۆی وشەی (مار) دروستبووە، لەبەر ئەوەی (موســا) پێغەمبەر (درودو ســلامی خوای لەســەر بێت) لەپێش (مار) هاتووە، وا لەخوێنەر دەکات زیاتر بۆ واتا نزیکەکەی ببات و لەواتا دوورە مەبەســـتەکەی دوورخاتەوە، هەمووومان ئەوە دەزانین (موســا) پێغەمبەر (درودو ســلامی خوای

لەســـەر بێت) بەرامبەر بەکافرەکان دارەکەی دەســـتی هەڵداو؛ بوو بە (مار)، بەڵام لەڕاستیدا مەبەست لەو (مار)ە نییە، بەڵکو مەبەستی شاعیر (ماریای خەڵکی مەجدەلە، کە حەزرەتی مەســـیح نەیهێشـــت بەعادەتی جوولەکان ڕەجم بکرێت). بەمجۆرە پۆشینەکەی بەواتایەکی بەهێز بەرهەم هێناوە.

## 3- ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین؛ لەوانە:

1. ڕەوانبێژی مەبەســـتییەتی دەربرین بەجوانی و واتـای بەهێز لەدەقی شیعری بەرهەم بێت.
2. جوانکاری لەئەدیب داواکراوە، بۆ ئەوەی دەقەکانیان ســـەرنجڕاکیش و پڕخوێنەر بێت.
3. جوانکاری وشـــەیی بەپێی جۆری هونەرەکانی مۆســـیقای جۆراوجۆرو دڵگیرو خۆش لەنێو دەقی شیعری بەرهەم دێنت، بۆیە شاعیران شیعرەکانینان خۆش ئاوازو نەخشـینە. واتە سـەرجەم هونەرەکانی جوانکاری وشـەیی وەک گوڵ جوانی و خۆشـی ئاوازی ڕەنگین دەبەخشـن بەدڵی خوێنەر.
4. جوانکاری واتایی بەهۆی هونەرە جۆراوجۆرەکانی واتای بەهێز بۆ دەقی شـــیعری دروســـت دەکەن، بۆیە شـــاعیران واتای بەهێز بەبەرگی جوانی دەبەخشـــنە دەقە شـــیعرەکانیان. ئەمەش فەلەســـفەکەیانە، واتە لەلایەن شاعیران جوانکاری لەرێگەی واتاوە دروستکراوە؛ بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان و وابەستەبوونی خوێنەر بەدەقە شیعرییەکانیان.
5. شاعیران وێنە شیعرەکانیان لەسەر واتای شیعرەکە بنیات دەنێن.
6. جوانی و واتا بوون بەدووانەیەکی دانەبڕاو بۆ گەیاندنی بەهێزترین پەیام بەڕازاوەترین و گەشاوەترین و دروەشاوەترین شێوە بۆ وەرگر.

## 4- سەرچاوەکان:

### 1.4 سەرچاوە کوردییەکان:

#### 1.1.4 کتێب:

- ســـجادی، علاءالدین، 1986، خۆشـــخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (د)، 2003، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (د)، 2012، جوانکاریی شـــیعری کلاســـیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (د)، 2012، جوانکاریی شـــیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەبـدوڵڵا، ئیـدریس (د)، 2013، کۆوانەکـانی ڕەوانبێژی، چـاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- گەردی، عەزیز، 1975، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیـدا، بەرگی دووەم (جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (د)، 2011، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلا سیکی کوردیدا (بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**2.1.4 گۆڤاری ئەکادیمی:**

- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (د)، ؟، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە ٦، هەولێر.

**3.1.4 فەرهەنگ:**

- هەژار، عبدالرحمن شرفکندی، 1388، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ( کوردی -فارسی)، چاپی شەشەم، سروش، تهران.

**4.1.4 نامەی ئەکادیمی:**

- سالار، عبدالسلام، 2000، هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری نالی دا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**5.1.4 دیوانی شیعر:**

- بێکەس، شێرکۆ، 2009، (دیوانی شیعر)، بەرگی یەکەم، سوید.
- بێکەس، شێرکۆ، 2009، (دیوانی شیعر)، بەرگی هەشتەم، سوید.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، 2014، (شیعر)، هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا (شیعری ١٩٨٠-٢٠٠٥)، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، کوردستان.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، 2019، (شیعر)، سەوڵم پۆلا و کەناریش دوور (شیعری ٢٠٠٦-٢٠١٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، کوردستان.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، 2014، (شیعر)، پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە (شیعری ١٩٦٥-١٩٧٩)، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- پیرەمێردی نەمر، 2007، (دیوانی شیعر)، کۆکردنەوەو پەراوێزو نووسینی: محمد رسول (هاوار)، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- دلزار، 2006 ، (دیوانی شیعر)، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- دڵدار، 1985، (شاعیری شۆرشگێری کورد)، نووسینی: عبدالخالق علاءالدین، طبع فی دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بغداد.
- دیلان، محەمەد سالح، 2013، (دیوانی شیعر)، ئامادەکردنی: د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- ڕەنجبەر، جەمیل، 2007، (دیوانی شیعر)، ئامادەکردنی: جەوهەر کرمانج، پێشەکی: مارف خەزنەدار، چاپخانەی روون، سلێمانی.
- زێوەر، بەختیار، 2003، (دیوانی شیعر)، ئامادەکردنی: مەحموود زێوەر، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- زێوەر، 2008، (دیوانی شیعر)، ئامادەکردنی: (مەحموود زێوەر)، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- شێخ ساڵح، شێخ نوری، 2008، (دیوانی شیعر)، کۆکردنەوەو ساغکردنەوە: ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

- کازم کۆیی، 2000، هەندەران و هەواری من (هۆنراوە)، چاپخانەی نازە، هەولێر.
- گۆران، عەبدوڵڵا، 1385، (دیوانی شـــیعر)، چاپی دووەم، چاپ دالاهو، تهران.
- گۆران، نەبەز، 2015، (کۆی بەرهەمە شـــیعرییەکان)، دڵێکی ڕوناک لە دونیایەکی تاریکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- هەردی، ئەحمەد ، 1984، ڕازی تەنیـایی (شـــیعر)، چـاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- هێمن، 2006، (ســـەرجەم شـــیعری)، بـارگەی یـاران، چـاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

## 2.4 سەرچاوە عرەبییەکان:

### 1.2.4 کتێب:

- أبو ليل، أمين (د)، 2006، علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع)، الطبعة الأولى، دار البركة للنشر والتوزيع، عمان-أردن.
- أبو العدوس، يوسف، 1999، البلاغة والأسلوبية، الطبعة الأولى، الأهلية للنشر والتوزيع، أردن-عمان.
- الجارم، علي و مصطفى أمين، 2005، البلاغة الواضحة (البيان والمعاني والبديع)، الطبعة الاولى، مكتب العلم الحديث.
- عتيق، عبدالعزيز (د)، ؟، علم البديع، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.
- العسكري، أبو هلال، 1992، كتاب الصنعتين، طبعة دار إحياء الكتب العربية.
- القزويني، الخطيب (للأمام جلال الدين محمد بن عبدالرحمن)، 1904، التلخيص في علوم البلاغة، الطبعة الأولى، دار الفكر العربي.
- الهاشمي، أحمد (السيد)، 2005، جواهر البلاغة، الطبعة الأولى، دار المعرفة، بيروت-لبنان.

### 2.2.4 فەرهەنگ:

- أبن منظور، (الامام العلامة الفضل جمال الدين محمد أبن المكرم ابن منظور الافريقي المصري)، 2011، لسان العرب، المجلد الأول، دار صادر، بيروت-لبنان.

# References

## 4.1 Kurdish References

### 4.1.1Book:


- Sajadi, Alauddin, 1986, Khoshkhani (Significance ,Clarity , Aesthetics), Salahuddin University Printing House, Erbil .

-Abdullah, Idris (D), 2003, Aesthetics in Kurdish Literature, Sardam Publishing House, Sulaimani.

-Abdullah, Idris (D), 2012, Aesthetics of Classical Kurdish Poetry, First Edition, Hevi Printing House, Erbil.

-Abdullah, Idris (D), 2012, Aesthetics of Modern Kurdish Poetry, First Edition, Hevi Printing House, Erbil.

-Abdullah, Idris (D), 2013, Aesthetic Drawing lessons, Rojhelat Printing House, Erbil.

-Gardi, Aziz, 1975, Aesthetics in Kurdish Literature, Volume II (Jwankari), Municipal Printing House, Erbil.

-Mustafa, Idris Abdullah (D), 2011,Aesthetic aspects of classical Kurdish poetry (for example Hamdi and Haji Qadir Koyi), Haji Hashim Printing House, Erbil.


### 4.1.2 Academic Journals:


-Mustafa, Idris Abdullah (D), ?, Academic Magazine, No. 6, Erbil.


### 4.1.3 Glossary:


-Hazhar, Abdulrahman Sharafkandi, 2009, Hanbane Borina Dictionary (Kurdish-Persian), Sixth Edition, Sarush, Tehran.


### 4.1.4 Academic Thesis:


-Salar, Abdulsalam, 2000, Art of aesthetic in Nali's Poetry, Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University, Erbil.


### 4.1.5 Poetry Books:


-Bekas, Sherko, 2009, (Diwani Shir), Volume 1, Sweden.

-Bekas, Sherko, 2009, (Diwani Shir), Volume 8, Sweden.

-Pashew, Abdullah, 2014, (Poetry), My horse is cloud and my stirrup is a mountain (Poetry 1980-2005), Fourth Edition, Rojhelat Printing House, Kurdistan.

-Pashew, Abdullah, 2019, (poetry), My Row is Iron and the beach is in a distance (poetry in 2006-2019), first edition, Rojhelat Printing House, Kurdistan.

-Pashew, Abdullah, 2014, (Poetry), Behind a simpathy and facing a Snow (Poetry 1965-1979), Fourth Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.

-Piramirdi Nemr, 2007, (Diwani Shir), collection and margin writing: Mohammed Rasul (Hawar), second edition, Shvan Printing House, Sulaimani.

-Dilzar, 2006, (Diwani Shir), Second Edition, Directorate of Cultural Printing House, Erbil.

-Dildar, 1985, (Kurdish Revolutionary Poet), written by: Abdulkhaliq Alauddin, published in Dar Afaq Arabiya for Press and Publishing, Baghdad.

-Dilan, Mohammed Salih, 2013, (Diwani Shir), prepared by: Dr. Abdullah Agrin, 2nd edition, Chawarchra Printing House, Erbil.

-Ranjbar, Jamil, 2007, (Diwani Shir), Prepared by: Jawhar Kermanj, Introduction: Marf Khaznadar, Roon Printing House, Sulaimani.

-Zewar, Bakhtiar, 2003, (Diwani Shir), prepared by: Mahmood Zewar, second edition, Ministry of Education Printing House, Erbil.

-Zewar, 2008, (Diwani Shir), prepared by: (Mahmood Zewar), second edition, Aras Publishing House, Erbil.

-Sheikh Salih, Sheikh Nuri, 2008, (Diwani Shir), Collected and manufactured : Azad Abdulwahid, Volume 1, Second Edition, Aras Publishing House, Erbil.

-Kazim Koyi, 2000, A foreign Land and my own country (Poem), Naza Printing House, Erbil.

-Goran, Abdullah, 2006, (Diwani Shir), Second Edition, Dalahoo publishing , Tehran.

-Goran, Nabaz, 2015, (Collections of Poetic Works), A Bright Heart in a Dark World, First Edition, Piramird Printing House, Sulaimani.

-Hardi, Ahmad, 1984, A loneliness expression(Poetry), Second Edition, Salahaddin University Printing House, Erbil.

-Hemn, 2006, (All his poetry ), Bargay Yaran, 2nd edition, Aras Publishing House, Erbil.

### 4.2 Arabic References

#### 4.2.1 Books:

-Abu Lail, Amin (D), 2006, The Rhetoric (The Meanings, the Significance and the Aesthetic ), first edition, Dar Al-Baraka for Publishing and Distribution, Amman-Jordan.

-Abu Al-Adous, Youssef, 1999, Rhetoric and Stylistics, first edition, Al-Ahlia for Publishing and Distribution, Jordan-Amman.

-Al-Jarim, Ali and Mustafa Amin, 2005, Clarity of the Rhetoric (The Statement, Meanings, and the Significance ), first edition, The Office of Modern Science.

-Ateeq, Abdel-Aziz (D), The rhetoric , Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Beirut-Lebanon.

-Al-Askari, Abu Hilal, 1992, The Book of Artist manufacturing, published by the Revival of Arabic Books House.

-Al-Qazwini, The Speeches (by Imam Jalal al-Din Muhammad ibn Abd al-Rahman), 1904, Summary in the Sciences of Rhetoric, first edition, Dar Al-Fikr Al-Arabi.

-Al-Hashemi, Ahmed (Al-Sayed), 2005, The ornamental aesthetics, first edition, Dar Al-Maarifa, Beirut-Lebanon.

**4.2.2 The Glossary:**

- Ibn Manzoor, (Imam Allama Al-Fadl Jamal Al-Din Muhammad Ibn Al-Mukarram Ibn Manzoor, the African-Egyptian), 2011, Lisan Al-Arab, Volume One, Dar Sader, Beirut-Lebanon.